قەیس خەزعەلی:دەرچونی داگیرکەر پێویستی بە هەوڵستکی جەماوەری و سیاسی هەتکردنەوە هەیە



قەیس خەزعەلی ئەمینداری گشتی بزوتنەوەی عەسائیب ئەهلی حەق لە پەیامکدا سەبارەت بەکتایبەتنان بەئەرکی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق ڕایگەیاند، دەرچونی داگیرکەر (هێزە ئەمریکییەکان) کارێکی ئاسان نییە.

قەیس خەزعەلی لەمیانەی کۆبەندی سیاسی ناوەندی فراکسیۆنی "سادقون"ی سەر بە عەسائیب لە وتارێکدا ڕایگەیاند، "دەرچونی داگیرکەر پێویستی بە هەوڵستکی جەماوەری و سیاسی هەتکردنەوە هەیە، هەوڵستە جەماوەرییەکان و کوتلە بەرخدانەکانیش بونی هێزی بیانی لەناو خاکی عێراق هەتدەکەنەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، "پێگەی عێراق بەهێزە، نیشتمانپەروەرە، توانای سەپاندنی ئیرادەی خۆی و دورخستنەوەی هێزە بیانییەکانی هەیە، هەوڵستی حکومەتیش سازشی لێ نەکراوە لەهەوڵدایە بۆ کشانەوەی هێزە بیانییەکان لەخاکی عێراق".

قەیس خەزعەلی دەشڵێت، "حکومەتی عێراق دەیەوێت وادەی ڕێشتنی هێزەکانی ئەمریکا لەسەر بنەمای تەکنیکی بێت، کوتلەکانی بەرخدان و ئێپەڕاسیۆنەکانیان پەیامی ڕونیان بۆ دەرکردنی

داگیرکەر ناردوە"، پێشبینیشیکرد کە "وادەی زیاتنی هێزەکانی ئەمریکا لە ماوەی چەند مانگێکدا روبدات و زۆر نەخایەنێت".